https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.111

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

# نەخشی قۆناغی ئەنفالی یەك
# لە رۆژنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق دا

**د. فەرهاد عەبدولعەزیز**

**پسپۆڕ لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ**

Farhadaziz84@yahoo.com

## پوختە:

بابەتی ئەنفال بەشێوەیەکی گشتیی، بابەتێکی گرنگ و چارەنوسسازە و پێویستیی بە چەندان دەستگا و دامەزراوەی فەرمیی و زانستیی و ئەکادیمیایی هەیە کاری لەسەر بکات و لایەنە جیاوازەکانی تاوتوێ بکات. ئەمەش، بە ئامانجی ناساندنی پرۆسەکە بە تاوانی جینۆساید و دەرخستنی ستەملێکراویی میللەتی کورد هەتا ئەو ئاستەی کە رای گشتیی نێودەوڵەتیی دەخرێنەسەر ئەو باوەڕ و رێچکەیەی هاوشێوەی گەلی جوولەکە بەرگریی لە ستەمدیدەیی گەلی کوردیش بکەن و، تەواوی مافە نەتەوەییەکانی بۆ بسەلمێنن و بەرگریی لێبکەن. هەر ئەم گرنگییەش کە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەنفال تەرخانبکرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە بابەتی ئەنفال هەتا ئێستا وەکو پێویست نەبووە بەبابەتی توێژینەوەی پسپۆڕانی زانستیی و مامۆستایانی ئەکادیمیایی و زانکۆکانی کوردستان، چونکە بابەتی ئەنفال وەک توێژینەوە کەمترین سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ساغبووەوەی بەردەستدەکەوێت و، توێژەران ناچاردەبن کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو بابەت و پەرتووکانەی لەلایەن نووسەرانی بواری ئەنفال و جینۆسایدەوە نوسراون. لێرەدا، بەهیچ شێوەیەك مەبەست لە کەمکردنەوەی بایەخی هەوڵی ئەو نووسەرانە نییە، بەقەد ئەوەی کەمبایەخیی و خەمساردیی کەسانی ایی و زانکۆکانی کوردستانە لەپای پشتگوێخستنی ئەم دۆسێ گرنگە، کە وایکردووە بەشێکی زۆری لایەن و بوارەکانی ئەم دۆسیێە بە شاراوەیی و دوور لە وردەکاریی بمێنێتەوە. لەم سۆنگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا، ، کە ئەویش قۆناغی یەکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دەستنیشانکراوە کە یەکێکە لە قۆناغە ترسناکەکانی پرۆسەی ئەنفال. ئەم توێژینەوەیە بەپێی رێبازی مێژوویی وەسفیی و شیکاریی ئامادەکراوە و نووسراوەتەوە. سنوور و کەرەستەی بەکارهاتوو لە چوارچێوەی پشتبەستن بە بەڵگە و دۆکۆمێنتی فەرمیی کاری تێدا کراوە و، بە فەرمییش کار لەسەر بەڵگەنامە و رۆژنامە فەرمییەکانی خودی حوکومەتی عێراقیی کراوە وەکو لایەنی جێبەجێکاری تاوانی ئەنفال. ئەمەش هەتا رۆژنامە و بەڵگەنامەکانی خودی حوکومەتی عێراقیی بکرێن بە شاهید بەسەر ئەو حوکومەتەوە و بواری ئەوە نەهێڵرێتەوە حاشا لە پرۆسەکە و گەورەیی تاوانەکە بکرێت. کارکردن لە توێژینەوەیەک دربارەی قۆناغی ئەنفالی یەك، گەیشتن بە راستییە مێژووییەکانی ئەم پرۆسەیە کارێکی هەروا ئاسان و بێ کێشە و ئاستەنگ نیە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری بەڵگەنامە فەرمییەکانی حوکومەتی عێراقی بەردەست نین و فەوتاون، ئەو بەڵگانەش لەدەستی فەوتان رزگاریانبووە، و دیارە هەتا ئێستا لە کوردستاندا نەبوونی ناوەندێکی بەڵگەنامەیی ئەوتۆ بۆ پاراستنی ئەو بەڵگانە و کۆکردنەوەیان بەشێوازێکی زانستیی و، بەردەستکردنێک نییە بۆ توێژەران. ئاستەنگی دەستخستنی رۆژنامە فەرمییەکانی حوکومەتی عێراقیی هیچی کەمتر نیە لە ئاستەنگەکانی بەردەم دەستخستنی بەڵگەنامەکان. هیچ کتێبخانەیەکی ناوەندیی و گشتیی لە کوردستان نادۆزیتەوە تەواوی ئەو رۆژنامەو گۆڤارە فەرمییانەی پارێزگاری لێ کردبێت. مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ وەها دادەنرێت، کە ناوەندێکە تایبەتە بەکارکردن لەسەر کەیسی ئەنفال دەکات، تەنانەت لەوێش ژمارەکانی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بوونیان نیە و بەردەست نین. هەموو ئەمانە کۆمەڵێك گرفت وئاستەنگ بوون و، تێپەڕاندنیان هەوڵ و ماندووبوونی زۆریان پێویست بووە.

**کلیلە وشەکان: ئەنفال، قۆناغی ئەنفالی یەك، جینۆساید، بەڵگەنامەکان، مۆنۆمێنتی ئەنفال، حوکومەتی عێراقیی**

**E-ISSN: 2790525-X**
**P-ISSN: 27905268**

## پێشەکیی:

قۆناغی ئەنفالی یەك، دادەنرێت بە یەك لە قۆناغە پڕ مەترسیەکانی پرۆسەی ئەنفالی کورد، کە حکومەتی عێراق، ب ەماوەیەکی زۆر بەر لە رۆژی دەستپێکردنی پرۆسەکە کاریکردووە لەسەری و بەرنامەڕێژیی و ئامادەسازیی بۆ کردووە. سەرکەوتنی ئەم قۆناغەی ئەنفال بۆ حکومەتی عێراق دەستپێکێك بووە، هانیداوە بۆ بەردەوامییدان و تەواوکردنی دوادوایی قۆناغەکانی تری پرۆسەکە و پەلەکردن تیایاندا. لەبەرامبەریشدا شکستی ئەم قۆناغە بۆ کوردەکان کەوتنێك بووە کارێکیکردووە تاوەکو ماوەیەکی زۆر توانای هەستانەوە و خۆکۆکردنەوەیان نەمێنێت.

پرۆسەی ئەنفال بەشێوەیەکی گشتیی هەتاکو ئێستا، وەکو پێویست نەبووە بە بابەتی توێژینەوەی پسپۆرانی زانستیی و ئەکادیمیاییەکانی زانکۆکانی کوردستان و، هەرکەسێك بیەوێت بابەتی ئەنفال بکات بە ناوەرۆکی توێژینەوە، بۆخۆی کەمترین سەرچاوە و توێژینەوەی زانستیی بەردەست دەکەوێت و، ناچار ئەبێت بگەرێتەوە بۆ ئەو بابەت و پەرتووکانەی لەلایەن نوسەرانی بواری ئەنفال و جینۆسایدەوە نووسراون. لێرەدا، بەهییچ شێوەیەك مەبەست کەمکردنەوەی گرنگیی هەوڵی ئەو نووسەرانە نیە, بەقەد ئەوەی سەرزەنشتکردنی کەسانی ئەکادیمیایی و زانکۆکانی کوردستانە لەپای پشتگوێخستنی ئەم دۆسیێ گرنگە، کە کارێکیکردووە، هەتاکو ئێستاش، بەشێکی زۆری لایەن و بوارەکانی ئەم دۆسیێ گرنگە بە شاراوەیی و دوور لە وردەکاریی بمێنێتەوە. هەر بۆ نموونە، هەتاکو ئێستا نەتوانراوە رێکەوتێکی درووست و یەکلاکەرەوە بۆ دەستپێکردنی کردەوەی ئەنفال بدۆزرێتەوە و یەکلاییبکرێتەوە, کە لە هەمانکاتدا دەستپێکیشە بۆ دەستپێکردنی کردەوەی ئەنفالی یەك. لەم توێژینەوەیەدا توانراوە بۆ دەستپێکی کردەوەکانی ئەنفال پاڵپشت بە بەڵگەی زانستیی و نووسراو ،دەستپێکی درووست بدۆزرێتەوە و یەکلاییبکرێتەوە. بەرەکانی شەڕی قۆناغی ئەنفالی یەك، بۆ حکومەتی عێراق، هێندە جێگای گرنگییپێدان بووە کە بەرەکانی تری شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئێران، لێبڕاوانیەوە و هەواڵ و دەنگوباسەکانی کردووە بە سەردێڕی رۆژنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی زمانحاڵی حکومەتەکەی. لە روانگەی هەموو ئەمانەوە کە ئاماژەیان بۆ کرا، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر (قۆناغی ئەنفالی یەك لە رۆژنامەو بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق دا) هەتا ئەوەی رۆژنامە و بەڵگەنامەکانی خودی حکومەتی عێراق بکرێن بە شایەت بەسەر ئەو حکومەتەوە بواری ئەوە نەهێڵرێتەوە حاشا لە پرۆسەکە و گەورەیی تاوانەکە بکرێت.

## تەوەری یەکەم
## رەوتی رووداوەکانی کردەوەی ئەنفالی یەک:
### تاوتوێی هۆکارەکانی پشت جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك:

سەبارەت بە هۆکارەکانی پشت پەلامارەکانی کردەوەی ئەنفالی یەك و داگیرکردنی بارەگاکانی (ی. ن. ك) لە گوندەکانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو و دەورووبەریان. لایەنی عێراق، وەك لە بەیاننامەکەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانیشیاندا جەختیلێکراوەتەوە، ویستوویانە وای نیشانبدەن پەیوەندیی بە کارئاسانیکردن و رێنوێنییکردنی لایەنە کوردییەکانەوە هەبووە بۆ هێزە ئێرانیەکان، هەتاکو بێنە ناو شارە سنوورییە عێراقیەکانەوە و، قەزای هەڵەبجەی سنوور هەڵکەوتوو لە چوارچێوەی سنووری کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی داگیربکەن(١). لە راستیدا ناکرێت ئەم هۆکارە بە هۆکاری بەجێ بۆ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال و پەلامارەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر بارەگاکانی

(ی. ن. ك) و، گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی تەماشابکرێت، ئەویش بە حوکمی ئەوەی ئەوکاتەی کە دەستی هێزە ئێرانییەکان گەیشتووەتە قەزای هەڵەبجە، لەنێوان رۆژانی (١٣ – ١٥)ی ئازاری ١٩٨٨ز. پەلامارەکانی سوپای عێراق وەك ئامانجەی بۆکرا، بە چەندین رۆژ بەر لەو رێکەوتە دەستیان پێکردبوو. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی دەکرێت بوترێت هاوکاریی و رێنیشاندەری هێزە کوردییەکان بۆ لایەنی ئێران، بەتایبەت کە لە ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە، بە ئاشکرا هەستپێدەکرا، بە هۆکاری سەرەکیی پشت دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال تەماشابکرێت، چونکە هەتا بەهاری ساڵی ١٩٨٧زیش، سەرباری وەڵامدانەوەی توندی لایەنی عێراق، کەچیی هێزە ئێرانیەکان زیاتر لە پێشڕەوییدا بوون. عێراقیش هەمیشە هۆکاری پێشڕەویی و سەرکەوتنەکانی ئێرانی دەدایە پاڵ پشتیوانییکردنی لایەنە کوردییەکان بۆ سوپای ئەو وڵاتە(٢).

هەڕەشەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی ناوچەی زیاتر لە خاکی عێراق بە پشتیوانیی کوردەکان، بەتایبەت ناوچە ستراتیژییە نەوتییەکانی شاری کەرکوك، کە بە تەنها سەد میل لە ئێرانەوە دووربوون، دەوڵەتی عێراقی خستبووە ژێر مەترسیی و هەڕەشەی راستیینەوە (جیدیی) و، هەموو ساتێك ئەگەری ئەوەی بەنزیك زانیووە، کە هێزەکانی ئێران بە هاوکاریی کوردەکان پەلاماری ناوچە نەوتییەکانی بدەن و بیخەنە ژێر جڵەوی خۆیانەوە(٣). بەتایبەتی کە لایەنی عێراق، سەرەتاکانی ئەو هەڕەشە و مەترسییەیان بە چاوی خۆیان بینیبوو، ئەویش کاتێك لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ز، هێزە کوردییەکان دەستی هێزەکانی پاسدارانی ئێرانیان راکێشا بووە ناوچەکانی دەوروبەری کێڵگە نەوتییەکانی شاری کەرکوك و، چەند گوللە تۆپێکیان ئاراستەی ئەو کێڵگانە کردبوو(٤).

ئەگەر سەرنجبدرێت، حکومەتی عێراق قۆناغی یەکەمی ئەنفالی بە پەلاماردانی بارەگانی (ی. ن. ك) دەستپێکردووە لە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتیی، ئەو ناوچەیەش بەدەر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) لە (گوندی یاخسەمەر) و بارەگاکانی سکرتێر و جێگری سکرتێری گشتیی و نەخۆشخانەی مەیدانیی ئەو حیزبە لە (گوندی بەرگەڵوو)، لە (گوندی سەرگەڵوو)ی هەمان ناوچە بارەگای (مەڵبەندی دوو) بوونی هەبووە، کە بەرپرسیاربووە لە چالاکیەکانی پێشمەرگە لە پارێزگای کەرکوك(٥). لەوەش زیاتر دەوترێت شاڵاوی ئەنفالی یەك ،کردەوەیەکی ئاراستەکراو بووە بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانێکی ئێرانیی بە هاوبەشیی لەگەڵ سەرکردایەتی (ی. ن. ك) بۆ هێرشکردنە سەر بەنداوی دوکان(٦).

## رەوتی رووداوەکانی کردەوەی ئەنفالی یەك:

ئەوەی لە رۆژنامە و بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق دا هاتووە سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوون و رەوتی رووداوەکانی گۆڕەپانی جەنگ و بەرەنگارییەکانی کردەوەی ئەنفالی یەك، دیارترینیان بریتییە لەوتە و گێڕانەوەکانی (عەلی حوسێن مزعەل ئەلحەمەداوی) فەرمانەدەی هێزی بەدری گەورە (بدر الكبری)و، یەکێك لە فەرماندە مەیدانییەکانی بەشدار لە شاڵاوەکەدا. بەگوێرەی وتەکانی ناوبراو، شاڵاوەکە بە دوو قۆناغ بەڕێوەچووە. قۆناغی یەکەم، بەداگیرکردنی گوندەکانی (سورداش و عومەر و بەرزاییەکانی (١٥٧٤)و (١٢٤٧)و پاوان خستنەسەر گوندەکانی شەدەڵەی سەروو و خواروو) کۆتاییهاتووە. هەرچی قۆناغی دووەمە، بە پەلاماردان و دەستگرتن بەسەر (گوندی شەدەڵە) دەستپێکردووە و بە داگیرکردنی بەرزاییەکانی (١٥٥٥)و (١٢٥٥) لەبەری راستی رێگای (گوندی سەرگەڵوو)و پاوانکردنی گوندەکانی (سەرگەڵوو و هەڵەدن و باقی گوندەکانی تری ناوچەکە) کۆتاییهاتووە(٧).




نەخشەی ناوچەکانی قۆناغی ئەنفالی یەك(٨).

هـەر سـەبارەت بـە ڕەوتـی ڕووداوەکانـی گۆڕەپانـی جەنگەکانـی کـردەوەی ئەنفالـی یـەك، لـە یەکێـك لـە برووسـکەکانی هۆبـەی چالاکیـی دەسـتە تایبەتـەکان (مفـارز الخاصـة)ی سـەر بـە بەڕێوەبەرێتیـی ئەمنـی سـلێمانی، بـاس لـەوە کـراوە چـۆن هێزەکانیـان لـە ڕۆژی (٢٦/ ٢/ ١٩٨٨) پەیوەندییـان بـە کردەوەیەکـی هاوبـەش کـردووە، شانبەشـان لەگـەڵ چەنـد بەشـێك لـە هێـزە سـەربازییەکان بـۆ ڕاوەدوونانـی -بـە وتـەی بەڵگەنامەکـە- تێکدەرانـی ناپـاك لـە حـەوزی (دۆڵـەڕووت)(٩).

بەپێـی ناوەڕۆکـی ئـەم برووسـکەیە قۆڵـی (دۆڵـەڕووت) یـەك لـەو قۆڵانـە بـووە، کـە هێـزە عێراقییـەکان لـە سـلێمانیەوە ڕووە و ناوچەکانـی دۆڵـی جافایەتیـی پیایـدا جووڵەیـان دەسـتپێکردووە و، دەسـتە تایبەتەکانـی سـەر بـە ئەمنـی سـلێمانی بـە هێزێکـی (٧٠٠) کەسـییەوە و، بەیارمەتـی چەنـد تیپێکـی سـوپا هێرشیسـەر ناوچەکەیـان کـردووە و، توانیویانـە ڕێگـەی تێپەڕبـوون لەبـەردەم هێزەکانـی مغاویـر و (کەتیبەکانـی تانـك)ی سـەر بـە سـوپای عێراقیـدا بکەنـەوە، بـۆ پاککردنـەوەی ناوچـەی حـەوزی دۆڵـەڕووت تـا دەگاتـە گوندەکانـی هەنارانـی سـەروو (٣١٥١)و گونـدی پیرکـە (٣٣٥٢). هەر لەو هێرشـانەدا، وەك دەردەکەوێـت چەنـد لوتکەیـەك لـە (چیـای ئەزمڕ)یـش لەلایـەن دەسـتە تایبەتەکانـی سـەر بـە ئەمنـی سـلێمانی و، یـەك لـە فەوجەکانـی بەرگریـی نیشـتمانییەوە دەستیبەسـەردا گیـراوە و بەمەبەسـتی خۆقایمکـردن و جێگیربـوون تەسـلیم بـە هێـزە عێراقییـەکان کـراون(١٠).

سـەرباری نابەرابەریـی و ناهاوتایـی نێـوان هێزەکانـی هـەردوولا، هێـزە کوردییـەکان توانیویانـە بـۆ مـاوەی چەندیـن ڕۆژ بەرگرییەکـی نموونەیـی بنوێنـن و خۆیـان نـەدەن بەدەسـتەوە، هەتـا ئەوکاتـەی لـە گەرمـەی جەنگەکـەدا و بـە دیاریکـراوی لـە ڕۆژانـی (١٣ – ١٤)ی مانگـی ئـازاردا، هێزەکانـی ئێـران بنکـە و بارەگاکانـی سـوپای عێراقیـان لـە شـاری هەڵەبجـە و دەوروبـەری کـردووە بـە ئامانـج و لـە (١٥)ی هەمـان مانگـدا هەتـا ناوەڕاسـتی شـارەکە پێشـڕەوییان کـردووە و دەستیانبەسـەریدا گرتـووە(١١). ئـەم پەلامـارە، لەلایـەن سـەرکردایەتی (ی. ن. ك)ەوە بـە گرنـگ تەماشـاکراوە، بـە ئومێـدی ئـەوەی کەمێـك لـە قورسـایی پەلامـاری هێزەکانـی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر هێزەکانیـان لـە ناوچەکانـی دۆڵـی جافایەتیـی سـووکبکات و کەمبکاتـەوە، بۆیـە هـەرزوو بڕیاریانـداوە بەهانـای هێزەکانـی سـوپای ئێرانـەوە بچـن و، دەسـتی هاوکاریـی و چاوسـاغییان بـۆ درێژبکـەن، بـەڵام بـۆ ڕۆژی دواتـر (واتـا ڕۆژی (١٦)ی ئـادار) ڕووبـەڕووی ڕووداوێکـی چـاوەڕوان نەکـراو و

نەخـوازراو بوونەتـەوە، ئەویـش کاتێـك لەلایـەن هێـزە عێراقییەکانـەوە، وەڵامـی پێشـڕەوییەکانی ئێـران و هاوکاریـی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان بـە بۆمبـای ناپاڵـم و ڕژاندنـی گازی کیمیایـی بەسـەر شـاری هەڵەبجـەدا داوەتـەوە(١٢) .

ڕژاندنـی گازی کیمیایـی بەسـەر شـاری هەڵەبجـەدا و، کوشـتنی -وەك دەوترێـت- پێنـج هـەزار کەسـی ئـەو شـارە، بـە تەواویـی وورە و توانـای هێزەکانـی پێشـمەرگەی -بەتایبـەت لـە بەرەکانـی جەنگـی دۆڵـی جافایەتیی (ئەنفالی یـەك)- هێناوەتەخـوارەوە و تـرس و بێئومێدیـی زۆریشـی خسـتۆتە دڵـی گوندنشـیینەکانی ناوچەکـە و ئەندامانـی هێزەکانـی پێشـمەرگەوە. لای سـەرکردایەتی (ی. ن. ك)یـش ئـەو تێڕوانینـەی چەسـپاندووە، کـە کاربەدەسـتانی حکومەتـی عێـراق، بەهیـچ جۆرێـك دەسـتپارێزییناکەن و جیاوازیشـناکەن لەنێـوان هاوڵاتیـی و پێشـمەرگەیەکی چەکـداردا، بۆیـە پـاش تێپەڕبوونـی کەمتر لـە دوو ڕۆژ بەسـەر ڕووداوی کیمیابارانکردنـی شـاری هەڵەبجـە، بڕیـاری کشـانەوە و دەسـتهەڵگرتن لـە شـەڕ و بەرگرییـان داوە و، گوندنشـینەکانی دۆڵـی جافایەتییـان ئاگادارکردۆتـەوە، کـە گوندەکانیـان چۆڵبکـەن و بـەرەو سـنوورەکانی دەوڵەتـی ئێـران کۆچبکـەن(١٣).

هـەر ئەوکاتـە، هێـزە کوردییەکانیـش پـاش سـێ هەفتـە لـە شـەڕ و بەرگریـی، دەسـتیانکردووە بـە پێچانـەوەی کەلوپەلەکانیـان و(١٤) بەپێـی بەرنامەیەکـی ئامادەکـراو و پلاندارێـژراو، سـەرکردایەتی (ی. ن. ك) بارەگاکانـی خۆیـان بردۆتـە شـاری سـەقز لـە وڵاتـی ئێـران(١٥). سـەبارەت بـە بارەگاکانـی هێـزی پێشـمەرگە و لەناویانـدا بـارەگای مەڵبەنـدی دوو، گواسـتراونەتەوە بـۆ گوندەکانـی سـەفرە (٣٠٧٨)و زەنـوون (٢٧٨٢) و گەڵاڵـە (٢٩٧٦)(١٦).

دوای کشـانەوەی هێـزە کوردییـەکان، دەرفـەت لـە بـەردەم هێـزە عێراقییەکانـدا کراوەتـەوە بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر دوادوایـی ئـەو ناوچـە و گوندانـەی دۆڵـی جافایەتیـی، کـە هەتاکـو ئـەو ڕێکەوتـە بەهـۆی بەرگریـی تونـدی کوردەکانـەوە نەیانتوانیبـوو دەستیانبەسـەردا بگـرن. وەك دەردەکەوێـت هێـزە عێراقییـەکان وەك ئـەوەی دڵنیانەبووبـن لـە درووسـتی هەواڵـی کشـانەوەی پێشـمەرگە لـە ناوچەکـە، بەتەواویـی خۆیـان نـەداوە لـە هێـرش بـردن بـۆ سـەر ئـەو ناوچـە و گوندانـە، بەڵکـو بـۆ داگیرکردنیـان، فەوجەکانـی بەرگریـی نیشـتمانیی (جاشـە کوردەکان)یـان بەکارهێنـاوە و ڕاسـتەوخۆ و، لەهەمان شـەوی کشـانەوەی پێشـمەرگەدا (واتـا شـەوی (١٩/١٨)ی ئـازار) هێرشـیان پێکردوونەتـە سـەر پاشـماوەی بنکـە و بارەگاکانیـان لـە گوندەکانـی سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو(١٧) و گوندەکانـی تـری ناچەکـە(١٨).

چەکـدارە جاشـە کـوردەکان وەك یەکێـك لـە سـەرۆکەکانیان دەیگێڕێتـەوە؛ سـەرەتا هێرشـیان بردۆتـە سـەر بەرزایـی ژمـارە (١٥٥٥) لـە زنجیـرە چیـای سـورداش، دواتـر لەوێـوە پـاش وەرگرتنـی فەرمـان لـە فەرماندەیـی فەیلەقـی یەکەمـی سـوپای عێـراق بـەرەو (گونـدی سـەرگەڵوو) پێشـڕەوییانکردووە، دوای داگیرکردنـی ئـەو گونـدە، ڕوویانکردۆتـە (گونـدی بەرگەڵـوو)و پـاش شـەڕێکی چەنـد سـەعاتیی، توانیویانـە ئـەو گونـدەش داگیربکـەن و دەسـتبگرن بەسـەر ئیزگـەی ڕادیـۆی فەرمیـی (ی. ن. ك)دا کـە بـارەگا سـەرەکییەکەی لـە گونـدی ناوبـراودا بـووە(١٩).

بـە داگیرکـردن و دەسـتگرتن بەسـەر گوندەکانـی (سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو)دا ،شـاڵاوی (ئەنفالـی یـەك) لـە ناوچەکانـی دۆڵـی جافایەتیـی کۆتاییهاتـووە و لەهەمـان ڕۆژیشـدا (واتـا ڕۆژی ١٩ی ئـازار) فەرماندەیـی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق بەیاننامـەی ژمـارە (٣٠٨٧)ی بڵاوکردۆتەوەجـو هەواڵـی داگیرکردنـی بارەگاکانـی هێـزە کوردییەکانـی لـە گوندەکانـی (سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو و زێـوێ)و کۆتاییهاتنـی کـردەوەی ئەنفالـی ڕاگەیانـدووە(٢٠).

## کاردانەوەکانی لایەنی عێراقی سەبارەت بە سەرکەوتنەکانیان لە کردەوەی ئەنفالی یەك:

لایەنـی عێـراق، کۆتاییهاتنـی شـاڵاوی (ئەنفالـی یـەك)ی لـە بەرژەوەنـدی خـۆی، بـە دەسـتکەوتێکی ئێجـگار گـەورە و کاریگـەر تەماشـاکردووە و، ئـەو خۆشـییەدەربڕین و زوڕناژەندنـی پڕوپاگەنـدەی بـۆ ئـەم سـەرکەوتنە خسـتبوویەگەڕ، هیـچـی

کەمترنەبووە لە هەراو هەڵا و بەزمی سەرکەوتنەکانی تری سوپاکەی لە بەرەکانی جەنگی وولاتەکەی بەرامبەر بە ئێران(٢١). تەنانەت بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق، کە بە چەند ڕۆژێکی کەم، بەر لە دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك واژۆکراوە، بڕیاردراوە هەموو ئەو چەکدارانەی بەشداریی شاڵاوەکانی ((پاکتاوکردنی)) گوندەکان و دەربەڕاندنی ((تێکدەران)) پێشمەرگەو گوندنشینان دەکەن و، لەو پەلامارانەدا دەپێکرێن و تیادەچن، بە ڕێزو شکۆوە وەکو ((شەهیدی جەنگی شکۆمەندی قادسیەی سەدام)) هەژماردەکرێن(٢٢).

لەوەش زیاتر، هاوشێوەی بەشدارانی کردە سەربازییەکانی تری جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق _ ئێران)، لە چەندین بۆنەی جیاوازدا نیشانە و مەدالیای ئازایەتیی کراوە بە بەرۆکی فەرماندە و سەرباز و چەکدارە بەشداربووەکانی شالاوەکانی ئەنفالیشدا(٢٣). یەکێك لەو کەسایەتییانەی بە هۆی بەشدارییکردن لە شاڵاوی (ئەنفالی یەك)دا نیشانەی ئازایەتیی کراوە بە بەرۆکدا (سوڵتان هاشم ئەحمەد)ی فەرماندەی فەیلەقی یەك و فەرماندەی کردەوەکە بووە، ئەمەی خوارەوەش دەقی ئەو مەرسومە کۆمارییەیە کە ناوبراو نیشانەکەی پێوەرگرتووە:

**((بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**مەرسوومی کۆماریی**

**وەکو پێزانینێك بۆ هەڵوێستی فەرماندەییکردنی لێپرسراوانە و نواندنی ئازایەتیی بێوێنەی لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) لە بەرگرییکردن لە شکۆ و کەرامەت و رووسووری نەتەوە دژ بە دوژمنی ئێرانی رەگەزپەرست لە کردەی ئەنفالی یەك. پاڵپشت بە حوکمەکانی مادەی بیست و شەش لە یاسای ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٨٢.**

**ئەم مەرسوومەی خوارەوە دەرکرا ...**

**بەخشینی نیشانەی ئازایەتیی بە لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) فەرماندەی فەیلەقی یەکەم.**

**لەسەر وەزیری بەرگرییە، ناوەڕۆکی ئەم مەرسوومە جێبەجێبکات.**

**سەدام حوسێن**

**سەرۆك کۆمار)) (٢٤).**

هەر بەبۆنەی سەرکەوتنەکان لە شالاوی ئەنفالی یەك، کەم شار و شارۆچکەی کوردستان و عێراق ماون خەڵکی تیایاندا کۆنەکرابنەوە و خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورەی خۆشییدەربڕینیان تێدا ڕێکنەخرابێت(٢٥). ڕۆژنامەکانی (الثورة و الجمهورية) لەهەمان ئەو ژمارەیەیاندا کە هەواڵی کۆتاییهاتنی کردەی (ئەنفالی یەك)یان تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە سەردێڕی گەورە هەواڵی ((خۆپیشاندانی جەماوەریی)) گەلی کورد و عێراقیشیان بڵاوکردۆتەوە. ڕۆژنامەی (الثورة) لەو بارەیەوە نوسیوویەتی: ((خۆپیشاندانی بەرفراوان بۆ شادیدەربڕین بە سەرکەوتنەکان و دەربڕینی خۆشحاڵیی بێسنوور بەبۆنەی دەستگرتن بەسەر بارەگاکانی ناپاکان و بەکرێگیراوان))(٢٦). لە ڕۆژنامەی (الجمهورية)شدا هاتووە: ((خۆپیشاندانی بەرفراوانی گەلی کوردمان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بۆ پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکان و گەیاندنی سڵاو بە سەرکردەی نموونە سەدام حسێن))(٢٧). هەر بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی (ئەنفالی یەك)ەوە کەم بەرپرسی حیزبیی و حوکومیی هەبوون نامە و برووسکەی پیرۆزباییان ئاراستەی (سەدام حسێن)ی سەرۆك کۆماری عێراق نەکردبێت(٢٨).

تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی شالاوەکەدا، هاوشێوەی هەر سەرکەوتنێکی تری سوپای عێراق لەبەرەکانی شەڕی دژ بە حکومەتی ئێران، میدیا عێراقییەکان ساڵانە یادی سەرکەوتنەکانی ئەنفالی یەك و

سـەرکەوتنەکانی دوادوایـی شـاڵاوەکانی تـری ئەنفالیـان کردۆتـەوە و بەرزراگرتـووە. ڕۆژنامـەی (العـراق) سـاڵی ١٩٩٣ز بـۆ یـادی پێنجەمیـن سـاڵوەگەڕی سـەرکەوتنەکانی سـوپای عێـراق لـە شـاڵاوی ئەنفالـی یـەك، بە سـەردێڕی گـەورە نووسـیوویەتی: ((گەلـی خۆڕاگرمـان بـە کـورد و عەرەبـەوە یـادی کـردەوەی پاڵەوانانـەی ئەنفـال دەکەنـەوە))و باسـی ئـەوەی نووسـیووە کـە چـۆن: ((ڕۆڵەکانـی گەلـە خۆڕاگرەکەمـان بـە کـورد و عەرەبـەوە سـبەی ڕۆژی هەینـی یـادی کـردەی (ئەنفـال)ی جوامێرانـە ئەکەنـەوە، کـە تیایـدا شـێرانی هـەق لـە سـەربازانی سـەرکردە (سـەدام حسـێن) سـەری هێزەکانـی یاخیبووانیـان پانکـردەوە و بارەگاکانیـان داگیرکـردن ...))(٢٩) .

## تەوەری دووەم

## هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ کردەوەی ئەنفالی یەك (ئەنفالی دۆڵی جافایەتیی):

بـۆ یەکەمجـار هـەواڵ و باسوخواسـی (شـاڵاوەکانی ئەنفـال) لەنـاو ڕۆژنامـە و بڵاوکـراوە فەرمییەکانـی دەوڵەتـی عێـراق دا، لـە ڕۆژی (٢٠)ی ئـازاری ١٩٨٨زدا بڵاوکراوەتـەوە. کاتێـك لـەو ڕۆژەدا هەواڵـی دەستبەسـەراگرتنی بارەگاکانـی سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان (ی. ن. ك)و داگیرکردنـی گوندەکانـی (سـەرگەڵوو بەرگەڵـوو زێـوێ)و گوندەکانـی تـری دۆڵـی جافایەتیـی(٣٠) لەلایـەن هێزەکانـی سـەر بـە حکومەتـی عێراقییـەوە، بـوو بـە سـەردێڕ (مانشـێت)ی گـەورە و هەواڵـی گرنگـی ڕووپـەڕی لاپـەڕەی یەکەمـی تێکـڕای ئـەو ڕۆژنامـە فەرمییانـەی لـەو ڕۆژەدا لەلایـەن دەسـتگا و ناوەنـدە جیاوازەکانـی دەوڵەتـی عێراقـەوە چـاپ و بڵاوکراونەتـەوە(٣١).

ئـەم ڕووداوە، لـە سـەرچاوە جیاوازەکانـی تایبـەت بـە باسـکردنی مێـژووی کردەکانـی ئەنفالـدا بـە (ئەنفالـی یـەك) ناوزەدکـراوە. سـەبارەت بـە مـاوەی درێژەکێشـان و دیاریکردنـی سـەرەتا و کۆتایـی کردەکـەش لەنێـو ئـەو سـەرچاوانەدا، ڕای جیـاواز و بۆچوونـی جۆراوجـۆر بەیانکـراون و باسـیان لێوەکـراوە. ئـەوەی ناکۆکیـی و ڕاجیاوازیی لـە نێوانیان ئەو سـەرچاوانەدا درووسـتکردووە، زیاتـر پەیوەسـتە بـە دیاریکردنـی سـەرەتای دەسـتپێکردنی شـاڵاوەکە، ئـەو سـەرچاوانە ڕێکەوتـی جیـاواز و جۆراوجۆریـان بـۆ ئـەو دەسـتپێکە ئاماژەپێکـردووە، لەوانـە ڕێکەوتەکانـی (٩)ی شـوبات(٣٢)، (١٧)ی شـوبات(٣٣) ، (١٨) ی شـوبات(٣٤)، (٢١)ی شـوبات(٣٥) ، (٢٢)ی شـوبات(٣٦) ، (٢٣/٢٢)ی شـوبات(٣٧)، (٢٣)ی شـوبات(٣٨)، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی ئامـاژە بـۆ سـەرچاوەیەکی فەرمیـی دیاریکـراو بکـەن، کـە لـە دیاریکردنـی ئـەو ڕێکەوتانـەدا پشـتیان پێبەسـتووە و گەڕاونەتـەوە سـەری، بەڵکـو وەك دەردەکەوێـت بەشـێك لـەو سـەرچاوانە لـە دیاریکردنـی ڕۆژەکانـدا، پشـتیان بـە دیـد و سـەرنجی خۆیـان و هەندێـك جاریـش بـە یادەوەرییەکانیـان بەسـتووە(٣٩).

لەنـاو هەمـوو ئـەم هەڵبژاردانـەدا، ئـەوەی تێبینیدەکرێـت، دیاریکردنـی ڕۆژی (٢٣)ی شـوباتی ١٩٨٨ز بـۆ سـەرەتا و دەسـتپێکی شـاڵاوەکانی ئەنفـال و شـاڵاوی ئەنفالـی یـەك، زۆرتریـن کۆدەنگـی لەسـەرە و بەشـێکی زۆری سـەرچاوەکانی تایبـەت بـە تۆمارکردنـی ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی کردەوەکانـی ئەنفـال جەختیـان لێکردۆتـەوە و، بـە ڕێکەوتێکی درووسـتیان زانیـیوە بـۆ ئـەو دەسـتپێك و سـەرەتایە. بەگوێـرەی ناوەڕۆکـی ئـەو سـەرچاوانە، کاتژمێـر نزیـك بـە یـەك و نیـو تـا دووی نیـوە شـەوی (٢٣)ی شـوباتی ١٩٨٨ز دانیشـتوانی گوندەکانـی یاخسـەمەر و سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو و گوندەکانـی تـری دۆڵـی جافایەتیـی، لـە تاریکیـی و لـە ژێـر لێزمـەی بـارانی زۆردا بـە دەنگـی زرمـە و ناڵـەی تۆپبارانـی هێـزە عێراقییـەکان بەخەبـەر هاتـوون، تەقاندنـی ئـەو گوللـە تۆپانەشـیان وەکـو دەسـتپێکی شـاڵاوی ئەنفالـی یـەك تەماشـاکردووە(٤٠).

بـۆ وەرگرتنـی ئـەم ڕێکەوتـە وەك دەردەکەوێـت، زۆربـەی سـەرچاوەکان پشتیانبەسـتووە بـە زانیارییەکانـی نـاو کتێبـی (جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد)ی ڕێکخـراوی (مێـدڵ ئیسـت ووچ)، بـەو پێیـەی سـەرچاوەی ناوبـراو بـۆ دیاریکردنـی ئـەو ڕۆژە پشتیبەسـتووە بـە بەڵگەیەکـی فەرمیـی وەزارەتـی بەرگریـی عێـراق ، کـە گوایـە

ئاماژەی ئەوەی تیادا بەدیدەکرێت کە کردەکە لە ڕێکەوتی (٢٣)ی شوبات دەستپێکردبێت(٤١). ئەمە لەکاتێکدا، ئەو نووسراوە فەرمانێکی وەزارەتی بەرگریی عێراقییە و ڕێکەوتی (٢٣)ی شوبات واژۆکراوە و تیایدا ئاماژەکراوە بۆ بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، کە تایبەت بە هەژمارکردنی کوژراوانی شەڕی دژ بە ((تێکدەران)) و ((پاکتاوکردن))ی گوندەکان بە ((شەهیدی جەنگی شکۆمەندی قادسیەی سەدام))(٤٢). نەك ئەوەی باس لە سەرەتا و دەستپێکی کردەکانی ئەنفال و کردەی (ئەنفالی یەك)ی تێدا کرابێت.

ئەم نووسراوە و تەنانەت ئەو تۆپبارانانەش کە لەو ماوەیەدا ئاراستەی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی و گوندو ناوچە قەدەغەکراوەکانی تری کوردستان کراون، دەکرێت وەکو کردەی ئامادەسازیی و پێشەکیی بۆ دەستپێکردنی کردەکانی جەنگی کوردەکان تەماشابکرێن، نەك ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاستەوخۆی کردەکان، چونکە گومانی تێدا نیە هەموو جەنگ و پەلامار و کردەیەکی سەربازیی لە هەمان ئەو کاتوساتەی بڕیاری لێدەدرێت، ڕاستەوخۆ دەستپێناکرێت، بەڵکو پێویستیی بە ئامادەسازیی و پێشەکیی و خۆسازدان و پەرەپێدانی کاروباری هەواڵگریی و توندوتۆڵکردنی حاڵەتی ئامادەباشیی و وردەکاریی زۆری تر هەیە، هەتا ئەو کاتەی نۆرە دێتە سەر پەلاماردان و دەستپێکردنی ڕاستەوخۆی کردەکە(٤٣).

ئەوەش پەیوەندیی بە بابەتی تۆپبارانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی و گوندەکانی تری کوردستانەوە هەیە، پێویستە بزانرێت مێژوویەکی دوورتری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ز، ئەویش کاتێك کە (عەلی حەسەن مەجید) فەرمانی بۆ فەرماندەیی فەیلەقەکانی سوپای عێراق دەرکردووە بە: ((پەیڕەویی بۆردمانی کوێرانە)) ی ئەو ناوچانەی ((لەبەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغەکراون)) لەڕێی ((تۆپخانە و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگییەوە))وە ((هەموو کاتێك و بە شەو و بە ڕۆژ))(٤٤).

بەپێچەوانەی ئاماژەکانی ناو سەرچاوەکانی تایبەت بە باسکردنی کردەوەکانی ئەنفال، ڕۆژنامە عێراقیەکان و بەدیاریکراوی (ڕۆژنامەی هاوکاری) ڕێکەوتێکی جیاوازتری تۆمارکردووە سەبارەت بە سەرەتاو دەستپێکی کردەی (ئەنفالی یەك). ئەو ڕێکەوتەش یەك لە پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەکە لە زاری عەمید (عەلی حوسێن مزعەل ئەلحەمەداوی)یەوە وەریگرتووە و تۆماریکردووە، کە یەکێك بووە لە فەرماندە مەیدانییە دیارەکانی سوپای عێراق کە بەشداربووە لە شاڵاوەکەدا. ڕێکەوتەکەش بریتییە لە (٢٦/٢٥)ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ز(٤٥). ئەم ڕێکەوتە بەدەر لەوەی لە زاری یەك لە فەرماندە مەیدانییە بەشدارەکانی کردەکەوە گواستراوەتەوە، لەلایەن چەکدارە بەشدارەکانی شاڵاوەکە جەختلێکراوەتەوە و پشتڕاستکراوە. بۆنموونە یەك لە راوێژکار (مستەشار)ەکانی بەشدار لە شاڵاوەکە ماوەی درێژەکێشانی جەنگەکەی لە ڕۆژی دەستپێکردنیەوە، تاکو ڕۆژی (١٩)ی ئازار، کە تیایدا جەنگەکە کۆتاییهاتووە و ئەو ڕۆژەش بووە کە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکەی تێدا کراوە، بە (٢٣) ڕۆژ داوەتە قەڵەم و باسی لەوە کردووە فەوجەکەیان: ((٢٣ ڕۆژە، واتا هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکەوە، بەشدارییکردووە ...))(٤٦). وەك ئاشکرایە ئەگەر ڕۆژی (١٩)ی مانگی ئازار (٢٣) هەمین ڕۆژی شاڵاوەکە بوو بێت، ئەوا ڕۆژی (٢٦)ی مانگی شوبات یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی شاڵاوەکە بووە.

بەدەر لە ڕۆژنامەکان، بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقیش بە هەمان شێواز جەختیان لە ڕۆژی (٢٦)ی مانگی شوبات کردۆتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی کردەی ئەنفالی یەك، لە برووسکەیەکی هێزە تایبەتەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی دا، کە لە بەرەکانی شەڕی (ئەنفالی یەك)ەوە بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانیان بەرزکردۆتەوە هاتووە: ((لە خوارەوە ئەو ئەرکانەتان بۆ بەیان دەکەین کە هێزە تایبەتەکانمان شانبەشانی هێزە سەربازییەکان بەشدارییان تێداکردووە لە بەرەکانی جەنگی ئەنفالی یەك کە لە ڕۆژی (٢٦/ ٢/ ١٩٨٨ز)یەوە دەستپێکردووە))(٤٧). دروستی

دەستنیشانکردنی رۆژی (٢٦)ی شوبات بۆ سەرەتا و دەستپێکی کردەوەی ئەنفالی یەك، بەدەر لەو پاڵپشتیانەی سەرەوە، زانیارییەکە لە رووی کات و شوێنەوە لە هەمان کات و لە ناوجەرگەی گۆڕەپانی کردەکەوە وەرگیراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا وەکو سەرەتا و دەستپێکێکی دروست بۆ دەستپێکردنی کردەوەی (ئەنفالی یەك) جێگیرکرا.

سەبارەت بە رێکەوتی کۆتایی هاتنی کردەی دەستگرتن بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)و پەلامارادان و پاوانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی لە ئەنفالی یەك دا، وەك لە بەیاننامەکەی (سوڵتان هاشم ئەحمەد)(٤٨)ی فەرماندەی کردەکەدا، هەروەها لە بەیاننامەکەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە رۆژی (١٩)ی ئازار کۆتاییهاتووە، بەڵام بۆ رۆژنامە عێراقییەکان بووە بە هەواڵی رۆژی (٢٠)ی ئازار(٤٩).

لەو بارەیەوە رۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، لە ژمارەی ئەو رۆژەیدا بە گرنگییپێدانی زۆرەوە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە و، بە سەردێڕی گەورە لە بەشی سەرەوەی رووپەڕی لاپەڕەی یەکەمدا نووسیوویەتی: ((داگیرکردنی بارەگاکانی ناپاکیی لە نەبەردییەکی پاڵەوانانە و تۆڵەسێنانەدا))(٥٠)، هەروەها بە سەردێڕی گەورە ناوی ئەو هێزانەشی تۆمارکردووە، کە لە کردەکەدا بەشدارییانپێکراوە، کە وەك رۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە بریتیبوون لە: ((پیاوانی بەرگریی نیشتمانیی و هێزەکانی بەدر و قەعقاع و موعتەسەم))(٥١).

لە ژمارەی هەمان رۆژی رۆژنامەی (الجمهورية)، هەروەها لە رۆژنامەی (هاوکاری) کوردییشدا کە لە رۆژی (٢١)ی ئازار ژمارەیەکی نوێی لێدەرچووە(٥٢). باسوخواسی دەستبەسەراگرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) و پاوانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی، بووە بە هەواڵی سەرەکیی و سەردێڕی گەورە و هەواڵی گەرمی رۆژ. رۆژنامەی (الجمهورية) بەم شێوازە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە: ((وەکو گوزارشتێك لە ویستی گەلی عێراقمان و هێزە چەکدارەکانمان، هێزەکانمان هەستان بە بەجێگەیاندنی(کردەی ئەنفال))). هەروەها نووسیوویەتی: ((داگیرکردنی بارەگای جەلال تاڵەبانی ناپاك)). ((پاککردنەوەی ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو زێوە و بەدیلگرتنی فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی جەلال تاڵەبانی بەکرێگیراو و ژمارەیەك لە ناپاکان)). لە سەردێڕێکی تردا هەمان رۆژنامە لە هەمان ژمارەیدا نوسوویەتی: ((خۆپیشاندانی جەماوەری گەلی کوردمان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك بۆ پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکان و ئاراستەکردنی سڵاو بۆ سەرۆکی نموونەیی سەدام حسێن))(٥٣).

رۆژنامەی (هاوکاری) کوردییش بەهەمان شێوازی رۆژنامە عەرەبییەکانی تری سەر بە دامودەستگاکانی عێراق، بە گرنگییپێدانی زۆرە لە هەواڵەکەی روانییوە و بە سەردێڕی گەورە نووسیوویەتی: ((هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی و بدر و قعقاع و معتصم بنکەی بەکرێگیراو جلال تاڵەبانی داگیردەکەن))، هەروەها نووسیوویەتی: ((لە کارێکی پاڵەوانانەدا بنکەی خیانەتکاران داگیرکرا))(٥٤).

شیاوی باسە هەریەك لە رۆژنامەکانی (الثورة، الجمهورية) لەهەمان ژمارەی رۆژی (٢٠)ی ئازاردا، دەقی ئەو بەیاننامە (پیرۆزباییناما)یەشیان بڵاوکردۆتەوە، کە (سوڵتان هاشم ئەحمەد)ی فەرماندەی کردەکە لەژێر ناونیشانی ((پیاوانی یەکە سەربازییەکان و پاڵەوانان لە رۆڵەکانی گەلی کوردمان، بەسەر پاشماوەی کۆمەڵی بەکرێگیراوانی ئێران دا سەرکەوتن)) ئاراستەی (سەدام حسێن)ی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی کردووە و لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە:

((بسم الله الرحمن الرحيم:

الذين كفروا وصدوا عن سبيل الله زدناهم عذابا فوق العذاب بما كانوا يفسدون. صدق الله العظيم.

بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرماندە موهیبی روکن سەدام حسێن خوا بیپارێزێت.

لە لیوای روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) فەرماندەی کردەی ئەنفالەوە.

مژدەی سەرکەوتنی یەکەکانی بەشدار لە کردەی ئەنفالتان پێڕادەگەیەنم بەسەر پاشماوەی هەڵگەڕاوە و بەکرێگیراوانی ئێرانیی دا، کە بە پشتیوانی خودا توانرا ناوچەکانی (سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، زێوە، مەولان، قەمەرخان، کانی توو، هەڵەدن، چالاو، باخیان، چۆخماخ، یاخسەمەر، قزلەر) و بەرزاییەکانی ئەو دەڤەرە پاکبکرێتەوە، ئەویش لەسەر دەستی رۆڵەکانی قادسیە لە یەکە سەربازییەکان و پاڵەوانان لە رۆڵەکانی گەلی کوردمان، کە خۆیان لە ئەندامانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی دەبینێتەوە، کە بەڵێنیان بەخۆیان داوە نەوەستن تا دەرکردنی یەکجارەکیی هەموو ئەوانەی هاوکارییان لەگەڵ دوژمن دەستپێکردووە بۆ پیسکردنی خاکی نیشتمان ...))(٥٥).

هەر لەهەمان ئەو برووسکەی پیرۆزباییەدا (سوڵتان هاشم) باسییکردووە، کە چۆن توانیویانە ژمارەیەك زۆر لەوانەی کە ناوی لێناون (دوژمن)ان، بکوژن و ئەوانی تریشیان ناچار بکەن هەڵبێن بۆ باوەشی ئاغاکانیان، هەروەها چۆن توانیویانە دەستبگرن بەسەر ئامێرەکانی ئێستگە و ژمارەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنیی و کەرەستە و ئۆتۆمبێل. لە بەشێکی تری برووسکەکەیدا (سوڵتان هاشم) ئاماژەیکردووە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی هێزی چەکدار، کە بەشداریی کردەکەیان کردووە و نووسیوویەتی: ((لە ئەندامانی پیاوانی پیادە و درع و تۆپهاوێژ و فڕۆکەوانیی سوپا و ئەندازە و پۆلەکانی تر لە ئەندامانی فەرماندەیی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی و فەرماندەیی هێزەکانی بەدر و فەرماندەیی هێزەکانی قەعقاع و فەرماندەیی هێزەکانی موعتەسەم و بە هاوکاریی و پشتیوانیی تەواوی فەرماندەیی هێزەکانی فەیلەقی یەکی پاڵەوان و فەرماندەیی هێزەکانی فەیلەقی پێنجی پاڵەوان و رێنمایی راستەوخۆی جێگری فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و بەڕێز سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامانی فەرماندەیی گشتیی و بەشداریی رێکخستنەکانی حیزب لە لقی رەشیدی سەربازیی ....))(٥٦).

فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقیش رۆژانە بەیاننامەی تایبەتیان دەرکردووە بۆ بەیانکردنی رووداوەکانی رۆژ لە بەرەکانی شەڕی (عێراق – ئێران) و، ئەو سەرکەوتنانەی هێزەکانیان بە دەستیانهێناوە و، تەنانەت ئەو زیان و شکستانەی تووشیهاتوون. بۆ رۆژی (١٩)ی ئازار باسوخواسی سەرکەوتنی شالاوی ئەنفال ناوەڕۆکی سەرەکیی یەکێک لە بەیاننامەکانی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە، کە بە ژمارە (٣٠٧٨) دەریکردووە و لە ناوەڕۆکیدا هاتووە:

**((بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان،**

**وەك هەموو داگیرکەرە چاوچنۆکەکان هێزەکانی خومەینی زایۆنیی، پشتبەست بە ژمارەیەك لە خیانەتکاران لە گەل و نیشتمان لە ناوچەکانی باکووری عێراق، کە چاکەخوازان لە رۆڵەکانی گەلی کوردمان نەفرەتیان لێکردوون و لە ریزەکانی خۆیان دەریانکردوون، رووبانکردۆتە خزمەتکردنی ترسنۆکانە بۆ بێگانە. لەناو ئەو کارە ترسنۆکانەی کردوویانە، کارئاسانییکردن بووە بۆ هێزەکانی دوژمن هەتا بێنە ناو شارەکانمان و قەزای هەڵەبجەی سنووری هەڵکەوتوو لەناو چوارچێوەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی داگیربکەن.**

**جا وەك گوزارشتێك لە ویستی گەلی عێراقی مەزن و هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانی و لەنێویشیاندا ویستی چاکەخوازان و نیشتمانپەروەرانی بەشەرەف لە رۆڵەکانی گەلی کوردمان و، وەك وەڵامێکیش بۆ کردەوەی ناپاکی ئەو کەسە گومڕاو سەرلێشێواوانە، هێزەکانمان لە پیاوانی بەرگریی نیشتمانیی یەکی پاڵەوان و هێزە ئازاکانی بەدر و هێزە ئازاکانی قەعقاع و هێزە ئازاکانی موعتەسەم و هێزە ئازاکانی فەوجە ئازاکانی بەرگریی نیشتمانیی(٥٧)، هەستان بە جێبەجێکردنی (کردەی ئەنفال/ عملیة الانفال) ب ە سەرپەرشتیی لیوا روکن سوڵتان هاشم، کە سەرباری ئەرکەکانی**

**خۆی بەشێوەیەکی کاتیی بۆ سەرپەرشتییکردنی ئەم کردەیە راسپێردرا بوو. لە کردەکەدا هێزەکانمان هێرشیانکردە سەر بارەگاکانی هەڵگەڕاوەکانی جەلال تاڵەبانی، بەکرێگیراوی ئێران و دوژمنی عەرەب و کورد لە ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو زێوە و ناوچە شاخاوییە سەختەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی. پاش شەڕێکی ئازایانە و تۆڵەسێنانە لەگەڵ ناپاکان بە پشتیوانی خوای گەورە و هیمەتی پاڵەوانان لە رۆڵە ئازاکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە ،توانرا لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ... دەستبگیرێت بەسەر بارەگاکانی هەڵگەڕاوەکان و ئەو فەرماندەیەش دەسگیربکرێت، کە ئەرکی پاراستنی ئەو بارەگایانەی خرابووە ئەستۆ، لەگەڵ بە دیلگرتنی ژمارەیەکی زۆری تر لە ناپاکان و گومرایان، ئەمە پاش کوژرانی ئەوانەی کوژران و هەڵهاتنی ئەوانەی دەرفەتی هەڵهاتنیان بۆ هەڵکەوت ...**

**فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان**

**١٩/ اذار/ ١٩٨٨))(٥٨).**

ئەگەر سەرنجبدرێتە ناوەڕۆکی هەم پیرۆزباییناەکەی (سوڵتان هاشم)، و هەم بەیاننامەکەی (فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق)، دەکرێت کۆمەڵێك وردەکاریی و تێبینییان تێدا بەدییبکرێت و وەربگیرێن و، بۆ مەبەستی روونکردنەوەی لایەنە جیاواز و شاراوەکانی مێژووی کردەکانی ئەنفال پشتیان پێببەسترێت و سوودیان لێوەربگیرێت.

بەر لە هەموو شتێك لە هەردوو بەیاننامەکەی سەرەوەدا کردەوەی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)و پاوانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی بە کردەی ئەنفال (عملیة الانفال) ناوبراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی فەرمیی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقییە لەڕێی چەندین رۆژنامەی حکومیی و سەرچاوەی سەربازیی فەرمییەوە، بەوەدا کە هێزە عێراقییەکان هێرشیانکردۆتە سەر کوردەکان و پەلاماری گوندە کوردییەکانیان داوە و بەزەبری هێزی سەربازیی داگیریانکردوون. لەوەش زیاتر دانپێدانانیشە بەوەدا، کە کردەکەیان لەژێر ناوی (کردەی ئەنفال)دا جێبەجێکردووە، کە ئەمەش ناولێنانێکی مەترسییدارە و مەبەستی پڕ لە مەترسیی پشتەوەی کردەکە ئاشکرادەکات، بەوەی هێزە عێراقیەکان وەکو شەڕی بێباوەڕان لە شەڕی کوردەکانیان روانییوە و سەروماڵی ئەوانیان بە حەڵاڵ و دەسکەوت (نفل – غنیمة) بۆ خۆیان تەماشاکردووە. بابەتی بە بێباوەڕ تەماشاکردنی کوردەکان لەلایەن هێزە عێراقییەکان و کاربەدەستانی حکومەتی عێراقییەوە زۆر بەئاشکراتر لە دەستپێکی بەیاننامەکەی (سوڵتان هاشم) دا دیاردەکەوێت، وەك پێشتر خرایەڕوو، ناوبراو سەرەتای نووسینەکەی خۆی بە بەیانکردنی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستپێکردووە، کە تیایدا هاتووە: ((بسم الله الرحمن الرحیم: ألذین کفروا وصدوا عن سبیل الله زدناهم عذابا فوق العذاب بما کانوا یفسدون. صدق الله العظیم)). وە بە بەیانکردنی ئەم ئایەتە قورئانییە ویستوویەتی سۆزیووڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیی بۆ خۆی رابکێشێت و وەها وێنابکات، ئەوان کردەی ئەنفالیان بەسەر کەسانێکدا جێبەجێکردووە، کە کافر و بێ باوەڕ و لادەرن لە رێگای راستی ئیسلامەتیی و پەلامارەکانی سوپای عێراقیش سزای یەك لە دوای یەکی کەڵەکەبووی خودایین بۆ سەر ئەوانە، بە وتەی ناوبراو، تێکدەر و لەڕێدەرچوون(٦٠).

بابەتێکی تر هەر لە ناوەڕۆکی دوو بەیاننامەکەی سەرەوەدا مایەی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردنە، ئەوەیە بەپێچەوانەی سەرچاوە (مصادر)ەکانی تایبەت بە رووماڵکردنی کردەکانی (ئەنفال)ەوە، کە کردەی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)و پاوانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتییان بە کردەی (ئەنفالی یەك) ناوزەدکردووە. ناوەڕۆکی دوو بەیاننامەکەی سەرەوە و تەواوی سەرچاوە فەرمییەکانی تری سەر بە دامەزراوەی دەوڵەتی عێراق، بەشێوەیەکی ئاسایی کردەکەیان بە کردەوەی ئەنفال (عملیة الانفال) تۆمارکردووە و هییچ جۆرە ژمارە و پاشگرێکیان

نەخستۆتە پاڵی. ڕەنگە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە هەر ڕۆتینیاتێکی ئاسایی سەربازییەوە هەبووبێت، بەوەی سەرەتا هیچ ژمارە و ئاماژەیەك نەخرابێتە پاڵ ئەو ناوانەی بۆ کردە سەربازییەکان دیاریکراون، بەڵام دواتر زەرووریەتی درێژەکێشانی کردەکەو ناوی هاوبەش و هاوپەیوەندیی کردەی یەکەم بە کردەکانی پاش خۆیەوە ئەوەی سەپاندبێت بۆ جیاکردنەوەی زنجیرەیەك کردەی سەربازیی هاوپەیوەند و هاوناو لە یەکتریی، ژمارە و ئاماژە خرابێتە پاڵ ناوەکانیان و بەبێ ئەوەی کردەی یەکەم ژمارە (یەك)ی وەرگرتبێت، کردەی دووەم و سێیەم و ... تاد، ژمارە دوو و سێ و ... تاد وەربگرن. ئەم بابەتەش نەك بەتەنها هەر لە کردەکانی ئەنفالدا، بەڵکو لە چەندین کردەوەی سەربازیی جیاوازتری شەڕی (عێراق – ئێران)دا لەلایەن سوپای عێراقەوە پیادەکراوە و دووبارە و چەندبارە کراوەتەوە. بۆ نموونە لە باشووری عێراق (شاری شەلامچە) بە کردەی سەربازیی (توكلنا على الله) لە دەستی ئێرانیەکان دەرهێنراوە(٦١) . دواتر بەهەمان کردەی سەربازیی دوورگەکانی مەجنون (جزر المجنون) ئازادکراون، بەڵام لەم جارەیاندا ناوی کردەکە ژمارەی (دوو)ی خراوەتەپاڵ و گۆڕاوە بۆ کردەی (توكلنا على الله الثانية)(٦٢). ئازادکردنی ناوچەی (زبێدات) لە چوارچێوەی هەمان کردەی سەربازییدا، ئەمجارەیان ناوی کردەکەی گۆڕیوە بە کردەی (توكلنا على الله الثالثة)(٦٣).

بۆچوونی ئەوەی ناونەنانی ئەم کردەی ئەنفالە بە کردەی (ئەنفالی یەك) لەلایەن کاربەدەستانی سەربازی حکومەتی عێراقییەوە، کە ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبووبێت، کە هەر لە بنەڕەتدا لە بەرنامەی حکومەتی عێراقییدا نەبووە درێژە بە کردەوەکە بدات و قۆناغی تری بەدوادا بهێنێت، بابەتێکە کە ناکرێت نادیدەبگیرێت و، وەکو بۆچوونێکی ئاسایی تەماشانەکرێت، چونکە لە واقیعدا بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی لایەنی عێراقییدا نەبووە کە بەرەیەکی تری شەڕ لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا بە رووی خۆیدابکاتەوە. لەکاتێکدا لە چەندین بەرەی جیاوازدا، لە شەڕێکی توندی چەندین ساڵەدا بووە لەگەڵ ئێران دا. بەتایبەت کە دەسەڵاتدارانی سیاسیی و سەربازیی عێراقیی، پێناچێت شەڕی هێزە کوردییەکانیان هەروا بە شەڕێکی سادە و ساکار تەماشاکردبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی هێزێکی زۆری سەربازیی و کەرەستەیەکی بێ شوماری جەنگیان خستۆتە خزمەتی بەجێهێنانی کردەی شەڕی کوردەکانەوە، بەجۆرێك لە هیچ کردە و قۆناغێکی تری شەڕی کوردەکان و کردەوەی ئەنفالدا نموونەی نەبووەو بەکارنەهێنراوە، کە بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان ژمارەیان خۆیداوە لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار کەس(٦٤).

لە کردەی شاڵاوی ئەنفالی سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)و سەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی دا، هێزەکانی (پیادە، درع، تۆپهاوێژ، فڕۆکەوانی سوپا، ئەندازە، فەرماندەیی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی، فەرماندەیی هێزەکانی بەدر، فەرماندەیی هێزەکانی قەعقاع، فەرماندەیی هێزەکانی موعتەسەم، فەرماندەیی هێزەکانی فەیلەقی یەك، فەرماندەیی هێزەکانی فەیلەقی پێنج، ڕێنمایی ڕاستەوخۆی جێگری فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و، سەرۆکی ئەرکانی سوپاو ئەندامانی فەرماندەیی گشتیی، ڕێکخستنەکانی حیزب لە لقی ڕەشیدی سەربازیی)، بەشدارییان پێکراوە(٦٥).

ئەگەر سەرنج بخرێتە سەر ئەم لیستەی سەرەوە، تێبینی ئەوە دەکرێت بەدەر لە چەك و جبەخانەی زۆرو قەبە و قورسی جەنگیی، هێزێکی بێشوماری سەربازییش لە کردەکەدا پشتیان پێ بەستراوە، کە زۆر لەوان هاوشێوەی هێزەکانی (بەدر و موعتەسەم و قەعقاع)، هێزی زۆر تایبەت و گورزوەشێنی سەربازیی بوون، کە زۆربەی کات لە هێرشە سەخت و قورس و ئاستەنگەکاندا سوودیان لێوەرگیراوە و بەکارهاتوون. هێزێکی وەکو (هێزی قەعقاع)، کە تیپی چواری پیادەشی پێوتراوە، بارەگای سەرەکیی لە شاری موسڵ بووەو ژمارەیەك لیوای سەربازی هاوشێوەی لیواکانی (پێنج، هەژدە، بیست و نۆ، ...)ی لەخۆگرتووە، کە سەرجەمیان هێزی پیادەبوون و شارەزایی زۆرباشیان لە شەڕی چیا و شوێنە سەختەکاندا هەبووە. لە میانەی شەڕی (عێراق – ئێران)دا بەشداریی زۆر شەڕی سەختی

سـەربازییان پێکـراوە لـە ناوچەکانـی باشـوورو باکـووری عێـراق، لەوانـە شـەڕ لـە ناوچەکانـی (گەیـلان غـەرب و سـۆمار) لـە بـەرەی باکـوور و شـەڕەکانی (فـاوو مەجنـون) لـە بـەرەی باشـوور(٦٦).

کاتێکیـش بـاس لـە بەشـداری فەوجەکانـی بەرگریـی نیشـتمانیی (جاشـە کـوردەکان) دەکرێـت لـە کـردەی ئەنفالـی یـەك دا، وەك عەمیـد عەلـی حوسـێن مەزعـەل ئەلمەحمـەداوی ئاماژەدەکات بـۆی، وەک هاوکارییکـردن لەنێوان ئـەوان و ((فەوجەکانی بەرگریـی نیشـتمانیی زۆر دیـار و ڕێکوپێـك بـوو))ە و فەوجـەکان ((لـە ڕۆڵەکانـی گەلـی کـوردی خۆشەویسـتمان قوربانییەکـی مەزنیـان بەخشـی))وە پێویسـتە بشـزانرێت بەشـداری فەوجـەکان فەوجێـك و دووان و سـیان نەبـووە، بەڵکـو لـە کردەوەکەدا (٥٥) فەوجـی بەرگریـی نیشـتمانیی بەشـێوەیەکی سـەرەکیی بەشـدارییان پێکـراوە، کـە بریتـی بـوون لـە فەوجەکانـی (٢٠)، (٥)، (٢)، (٢٣)، (٣٧)، (١٠٩)، (٨١)، (٩٦)، (٥١)، (٣٦)(٦٧). ئەمـەو سـەرباری بەشـدارپێکردنی لاوەکیـی چەنـدان فەوجـی تـری بەرگریـی نیشـتمانیی هاوشـێوەی فەوجەکانـی (١١٣)، (١٤٢)، (١٦٨)، (١٧٢)، ... تـاد، کـە زۆربەیـان ژمارەیـان کەمـتر نەبـووە لـە دووهـەزار جەنـگاوەر(٦٨).

بەگوێـرەی ناوەڕۆکـی بەیاننامەکـەی (فەرماندەیـی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی عێراق)یـش بێـت، لـە کردەکـەدا هێزەکانـی سـەر بـە بەرگریـی نیشـتمانیی یـەك، بەشـدارییان لـە کردەکـەدا پێکـراوە. هێزەکانـی سـەر بـە بەرگریـی نیشـتمانیی یـەك یـش بریتیبـوون لـە فەوجـە سـووکەڵە کـوردەکان (جاشـەکان)(٦٩)، کـە کۆمەڵێـك فەوجـی لەخـۆ گرتبـوو لەلایـەن عەمیـد روکـن (سـعد شـمس الدیـن)ەوە فەرماندەیـی دەکـران و بریتیبـوون لـە: (فەوجـی ٤ی (نـەوزاد ئەنـوەر بـەگ بێتواتـە)، فەوجـی ٢١ی (ئیسـماعیل مەحمـوود ڕەسـوڵ ئاغـای پشـدەر)، فەوجـی ٢٢ی (هەمـزە عەبـاس مامەنـد ئاغـا)، فەوجـی ٢٦ی (مەحمـوود حەمـە ڕەسـوڵ ئاغـای پشـدەر)، فەوجـی ٣٥ی (فەتـاح کەریـم جـاف)، فەوجـی ٤٦ی (موشـیر ئیبراهیـم ئەحمـەد سـەرگەڕان)، فەوجـی ٦١ی (شـێخ مەجیـد باییـز حەسـەن)، فەوجـی ٦٢ی (کەریـم عەبدوڵـڵا محەمـەد)، فەوجـی ٦٤ی (شـێخ موعتەسـەم عەبدولکەریـم بەرزنجـی)، فەوجـی ٦٦ (عەبـاس حاجـی ڕەسـوڵ)، فەوجـی ٦٩ی (مەحمـوود حەمـە ئەمیـن سـاڵح)، فەوجـی ٧٠ی (تۆفیـق محەمـەد فـەرەج مۆریاسـی)، فەوجـی ٧٢ی (فوئـاد کەریـم کابایـز هەمەوەنـدی)، فەوجـی ٧٣ی (سـەعید مەحمـوود محەمـەد عەلـی)، فەوجـی ٧٤ (محەمـەد حەسـەن عەلـی میـرزا شـەمێرانی)، فەوجـی ٧٥ی (کیـسرا محەمـەد سـەعید جـاف)، فەوجـی ٧٩ی (جـەلال ئەسـعەد چەرمـەگا)، فەوجـی ٨٠ی (قـادر سـوارە حەمـە بڵبـاس)، فەوجـی ٨١ی (محەمـەد عومـەر باسـاکی)، فەوجـی ٨٢ی (سـوارە عەبـاس مامەنـد ئاغـا)، فەوجـی ٨٣ی (هەڵگـورد عەبدولکەریـم کەسنەزانی)، فەوجـی ٨٥ی (فـارس تاهیـر مسـتەفا)، فەوجـی ٨٦ی (عوسـمان عومـەر مـام یەحیـا)، فەوجـی ٩٠ی (ئەحمـەد کوێخـا ڕەجـەب)، فەوجـی ٩١ی (عەبـاس باییـز باڵـو)، فەوجـی ٩٢ی (بورهان محەمەد مسـتەفا شـوانی)، فەوجی ٩٨ی (سـەلیم مامەنـد)، فەوجـی ٩٩ی (تاهیـر عەلـی عەبدولڕەحـمان جەبـاری)، فەوجـی ١٠٠ی (محەمـەد عیسـا جـاف)، فەوجـی ١٠١ی (جـەلال ئاغـا کاکـی)، فەوجـی ١٠٢ی (ئیبراهیـم نەسرەدیـن بەرزنجـی)، فەوجـی ١٠٤ی (عومـەر حەمـە ڕۆسـتەم چەرمـەگا)، فەوجـی ١٠٦ی (سـەباح سـەعید کەریـم فەتـاح کاکەیـی)، فەوجـی ١١٢ی (بەکـر وەسـو محەمـەد)، فەوجـی ١١٨ی (محەمـەد سـەعید شـەمێرانی)، فەوجـی ١١٩ی (محەمـەد نەجیـب سـادق نەقشـبەندی)، فەوجـی ١٢٠ی (حسـێن حەمـە فەتـاح قـادر گەلاڵـی)، فەوجـی ١٢١ی (هەمـزە باپیـر بەکـر پشـدەری)، فەوجـی ١٢٢ی (مەحمـوود ئەحمـەد شـەریف غـەوارە)، فەوجـی ١٢٤ی (عەبدولڕەحیـم محەمـەد ڕەمـەزان ئیمامـی)، فەوجـی ١٢٥ی (محەمـەد ئەحمـەد سـابیر محەمـەد شـوانی)، فەوجـی ٣٧ی (تاریـق فایـەق کاکەیـی)، فەوجـی ٤٢ی (تاهیـر حەسـەن محەمـەد جەبـاری)، فەوجـی ٤٧ی (مەدحـەت تۆفیـق مەنسـور داودی)، فەوجـی ٥٥ی (کامـل هـادی شـێخ نـووری بەرزنجـی)، فەوجـی ٦٠ی (سـوعاد فەیزوڵـڵا تاڵەبانـی)، هەروەهـا هـەر لـە کردەوەکـەدا مەفـرەزە خاسـەکانی (٥، ٢٩، ٦٨، ٨٧، ١١٩) بەشـدارییان پێکـراوە(٧٠).

## دەرئەنجام:

یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی شاڵاوی ئەنفالی یەك لەلایەن هێزە سەربازییەکانی سەر بە حکومەتی عێراقەوە، نواندنی پەرچەکردار بووە بەرامبەر بەو دەستراکێشان و چاوساغییکردنانەی کە هێزە کوردییەکان بۆ هێزە ئێرانییەکان کردوویانە لە چوارچێوەی جەنگی عێراق - ئێران دا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و کێڵگە نەوتییەکان بەتایبەت ناو چوارچێوەی سنووری کارگێڕتی پارێزگای کەرکووك.

بەپێچەوانەی ئەو زانیارییانەی تاکو ئێستا سەرچاوەکانی تایبەت بە گێڕانەوەی رووداوەکانی کردەوەکانی ئەنفال ئاماژەیانپێکردووە، سەبارەت بە دیاریکردنی رێکەوتی سەرەتای دەستپێکردنی کردەوەی ئەنفالی یەك، کە لەهەمان کاتدا دەبێت بە سەرەتا بۆ دەستپێکردنی تەواوی شاڵاوەکانی تری ئەنفال. ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە رێکەوتی درووست بۆ ئەو دەستپێکە رۆژی (٢٦ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ز) بووە.

## پەراوێزەکان:

جريدة الثورة، عدد (٦٥٠٨)، ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

د. مایکل. جەی. کیلی، تارماییەکانی هەڵەبجە سەدام حوسێن و جینۆسایدی کورد، وەرگێڕان: (کارزان مەحمود)، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی _ ٢٠١٢، ل٤٧.

میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: (محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی _ ٢٠٠٤، ل ١٥٣. د. مایکل. جەی. کیلی، س. پ، ل٤٧.

میدڵ ئیست ووچ، س. پ، ل٩٨.

هـ . س، ل١٥٠.

محمود محمد زايد، موقف الصحافة المصرية من ابادة صدام حسين للشعب الكردي بالكيمياوي في عمليات الانفال (جريدة الاهرام المصرية نموذجا), مطبعة بيرەميرد، ص٤٥.

رۆژنامەی هاوکاری, ژمارە (٩٦٠),  (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨).

تەها سلێمان، تاوانی ئەنفال ١٩٨٨ (زانیاری و دۆکۆمێنت)، چ١، چاپخانەی ئازادی، هەولێر _ ٢٠١٥، ل١١.

برقية من ضابط شعبة المفارز الخاصة الى مدير امن السليمانية, موضوع: المطالعة, رقم: (٠٠٤٩١٦), التأريخ (٢٦/ ٣/ ١٩٨٨).

برقية من ضابط شعبة المفارز الخاصة الى مدير امن السليمانية, موضوع: المطالعة, رقم: (٠٠٤٩١٦), التأريخ (٢٦/ ٣/ ١٩٨٨).

میدڵ ئیست ووچ، س. پ، ل٥٢. د. مایکل. جەی. کیلی، س. پ، ل٧٧.

میدڵ ئیست ووچ، هـ . س، ل٥٢. د. مایکل. جەی. کیلی، هـ . س، ل٧٧.

محەمەد قەیتولی، ئەنفالی ناوچەی قادرکەرەم، چاپخانەی کەکۆن، سلێمانی _ ٢٠١٤، ل١٥.

میدڵ ئیست ووچ، س. پ، ل٥١. د. مایکل. جەی. کیلی، س. پ، ل٥٥.

ئەبوبەکر محمد حاجی (مەلا شاخی)، ئەنفالی خاڵخاڵان (ئەنفالی چوار)، چ٢، چاپخانەی کاروخ، کەرکوك _ ٢٠٠٧، ل١٦.

زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال، ب١، چ٢، چاپخانەی مناره، هەولێر _ ٢٠١١، ل٥٢.

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (منظومة استخبارات المنطقة الشرقية), الى مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (ش٣), الموضوع: (معلومات), سري للغاية, العدد ش٣/ ق٢/ ٣٦٢١, التاريخ: (٢٦ اذار ١٩٨٨).

رۆژنامەی هاوکاری, ژماره (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨).

جاشە کوردەکان هەمیشە رۆڵی سووری بەر لەشکریان بۆ هێزە عێراقییەکان گێڕاوە و رێنوێنیی و چاوساغییان بۆ کردوون, هەتا ئەوەی دەستیانبگاتە هەموو قوژبنێکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان. ئەم رۆڵی چاوساغییکردنەشیان هەر لە سەرەتای دەرچوونی بڕیاری هێرشکردن بۆ سەر کوردستان بە نووسراوی فەرمیی پێسپێردراوە، ئەویش کاتێك فەرماندەیی جەحافلی بەرگریی نیشتمانیی بڕیاریداوە بۆ هێرشکردن و چوونە ناو هەر گوندێك، پێویستە لە پێشدا فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی هێرشبەرن و بچنە گوندەکەوە، لەدوای ئەوانەوە ئەوسا هێزە سەربازییەکان (لە پیادە و مغاویر و تۆپخانە و درع) بچنە ناو ئەو گوند و ناوچانەوە. بڕوانە (برقية من امرية جحفل الدفاع الوطني الخامس (الاستخبارات) الى وجبات المقاطع, (سري للغاية), الموضوع: (اقتحام القرى), العدد: (س/ م/ ٢٩٢٠), التأريخ: (٨/ ٦/ ١٩٨٧).

رۆژنامەی هاوکاری, ژماره (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

میدڵ ئیست ووچ، س. پ، ل٥٠.

نووسراوی خولاوی وەزارەتی بەرگریی بەشی یاسایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ژمارە: (ق٢/ ٢٣٦/ ٦٣٠٠)، رێکەوت: (٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨). وەرگیراوە لە (میدڵ ئیست ووچ، س. پ، ل١٥٤).

سەبارەت بە بەخشینی نیشانەی ئازایەتیی بە فەرماندە و چەکدارانی بەشدار لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك بڕوانە: (جريدة العراق, عدد (٣٩٠٥), ألاثنين (٢١/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨). جريدة العراق, عدد (٣٩٠٦), الثلاثاء (٢٢/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨). جريدة الثورة, عدد (٦٧٥٣), الثلاثاء (٢٢/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨). جريدة الثورة, عدد (٦٧٥٤), الاربعاء (٢٣/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٧٠٠٦), الثلاثاء (٢٢/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٧٠٠٧), الاربعاء (٢٣/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨).

جريدة العراق, عدد (٣٩٠٥), ألاثنين (٢١/ تشرين الثاني/ ١٩٨٨).

بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کردەکانی (ئەنفالی یەك)ەوە بەدەر لە شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) خۆپیشاندانی جەماوەریی لە شارەکانی (بەغداد و بەسرە و کەرکوك و موسڵ و ...) چەندین شار و شارۆچکەی تری عێراق، رێکخراوە. (جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨. عدد (٦٥١٠), الثلاثاء (٢٢/ اذار/ ١٩٨٨). عدد (٦٥١٣), الجمعة (٢٥/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦٧), السبت (٢٦/ اذار/ ١٩٨٨). عدد (٦٧٧٠), الثلاثاء (٢٩/ اذار/ ١٩٨٨).

لەژێر ئەو سەردێڕەدا ئاماژە بۆ خۆپیشاندانی شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و بەغداد)یش کردووە. (جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

هەر لە جێگری سەرۆك کۆماری عێراقەوە بیگرە، هەتا دەگاتە سەرۆکانی ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، پیاوانی ئایینی سلێمانی، یەکێتی و رێکخراوە پیشەییە عەرەبیی و عێراقییەکان (مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی عەرەب، وەرگێڕەرانی عێراقیی، زەویناسانی عێراقیی، پزیشکانی سنگ و دڵ، رۆژنامە

نووسـانی عێراقیـی، ئەندازیارانـی عێراقیـی، ئەنجومەنـی گـەل لـە بەغـداد)، یەکێتـی و ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەماوەریـی و میللییەکانـی بـەسرە، (صبحـی علـی خلـف) رازگـری لقـی هەولێـری حیزبـی بەعـس بەنـاوی خەڵکـی هەولێـرەوە، شـێخی تەریقەتـی نەقشـبەندیی لـە هەولێـر، تەقابـەی پاریزەرانـی هەولێـر، یاریـدەدەری سـەرۆکی زانکـۆی سـەڵاحەدین، راگـری کۆلیـژی زانسـت، جێگـری راگـری کۆلێـژی کارگێڕیـی و ئابووریـی، ... . (جریـدة الثـورة, عـدد (٦٥٠٨), ألاحـد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). عـدد (٦٥٠٩), الاثنـين (٢١/ اذار/ ١٩٨٨). عـدد (٦٥١٠), الثلاثـاء (٢٢/ اذار/ ١٩٨٨). عـدد (٦٥١٢), الخميـس (٢٤/ اذار/ ١٩٨٨). جريـدة الجمهوريـة, عـدد (٦٧٦٣), الثلاثـاء (٢٢/ اذار/ ١٩٨٨). عـدد (٦٧٦٥), الخميـس (٢٤/ اذار/ ١٩٨٨). هەروەهـا بڕوانـە (ئەسـعەد جەبـاری، ئەنفـال لـە میدیاکانـی بەعسـدا مانشـێتەکانی ڕۆژنامـەی (الثـورة) وەك نموونـە (٢٠/ ٣/ ١٩٨٨ _ ٧/ ٤/ ١٩٨٨)، چاپخانـەی پیرەمێـرد، ل٩١ _ ل٩٩). کـە تیایـدا لیسـتێکی (٢٠٦) کەسـی ریزکـراوە بەنـاوی ئـەو کەسـایەتیی و شـوێن و ڕێکخراوانـەوە، کـە برووسـکەی پشـتیوانیی و پیرۆزباییـان ئاراسـتەی (سـەدام حسـێن)ی سـەرۆك کۆمـاری عێـراق کـردووە، بەبۆنـەی سـەرکەوتنەکانی سـوپای عێـراق لـە کردەکانـی ئەنفالـی یـەك و ئەنفالـی دوو، بەپێـی زنجیـرەی بابەتەکانـی ژمارەکانـی ڕۆژانـی (٢٠/ ٣/ ١٩٨٨ _ ٧/ ٤/ ١٩٨٨)ی ڕۆژنامـەی (الثـورة).

جريدة العراق, عدد (٥٢٠٢), الخميس (١٨/ اذار/ ١٩٩٣).

زۆر ناوچـە و شـوێنی ئاوەدانـی نـاو دۆڵ و چیـاکان، بەتایبـەت باشـووری کوردسـتان، بـە نـاوی هـۆزە کوردییەکانـەوە ناونـراون، هاوشـێوەی دۆڵـی ئاکۆیـان، ناوچـەی گۆرانەتیـی، ... تـاد. ناوچەکانـی دۆڵـی جافایەتییـش یـەك لـەو ناوچانـەی کوردسـتانی باشـووره بـە حوکمـی ئـەوەی خەڵکەکـەی سـەر بـە هـۆزی گـەورەی جافـن، نـاوی دۆڵـی جافایەتیـی بەسـەردا بـڕاوە. ناوچەکـە بەشـێکە لـە سـنووری کارگێڕیـی شـارەدێی سورداشـی سـەر بـە قـەزای دوکان و نزیکـەی (١٥٠) گونـد لەخۆدەگرێـت، کـە گوندەکانـی (سـەرگەڵوو و بەرگەڵـوو و یاخسـەمەڕ و ... تـاد.) هـەرە دیارترینـی گوندەکانـی ناوچەکـەن.

جريـدة الثـورة, عـدد (٦٥٠٨), ألاحـد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريـدة الجمهورية, عـدد (٦٧٦١), ألاحـد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). ڕۆژنامەی هـاوکاری، ژمارە: (٩٥٩)، دووشـەممە (٢١/ ٣/ ١٩٨٨).

هێـرش مەغدیـد ئەحمـەد و رزگار ئەنـوەر خـزر، شـاڵاوی ئەنفـال لـە کوردسـتان سـاڵی ١٩٨٨، گۆڤـاری جینۆسـاید، ژ: (٣)، بەهـاری ٢٠١٧، ل١٣٨.

عومـەر محەمـەد، پەلامـارە سـەربازییەکانی ئەنفـال لـە هەشـت قۆناغـدا، چ١، چاپخانـەی کەمـال، سـلێمانی _ ٢٠١٣، ل٢٥.

زیـاد عەبدولڕەحـمان، توونـی مـەرگ، هێرشـەکانی ئەنفـال لـە بەڵگەنامەکانـی ڕژێمـی بەعـس دا، چ٢، بڵاوکراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی ی کوردسـتان، سـلێمانی _ ٢٠٠٤، ل٩.

ئەبوبەکر محمد حاجی (مەلا شاخی)، س. پ، ل١٥. زیاد عەبدولڕەحمان، س. پ، ل٩.

ئەبوبەکـر محمـد حاجـی (مـەلا شـاخی)، س. پ، ل١٥. عەبدوڵـڵا کەریـم مەحمـود. ڕەشـەبای ژەهـرو ئەنفـال، ب١، چ٢، سـلێمانی _ ٢٠٠٩، ل١١.

عومـەر محەمـەد، س. پ، ل٢٥. محەمـەد قەیتولـی، س. پ، ل١٤. سـتارە عـارف، ئەنفـال تاوانێکـی دژ بـە مرۆڤایەتـی، چ١، چاپخانـەی پیرەمێـرد، ل١٦.

نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، خولانـەوە لەنـاو بازنەیەکـی بۆشـدا، چ٢، ناوەنـدی ڕاگەیانـدن و چاپەمەنـی خـاك، سـلێمانی - ١٩٩٩، ل١٤٤. زەمـان عەبـدە، س. پ، ل٣٣، ل٥١.

میـدڵ ئیسـت وۆچ، س. پ، ل١٥٣ _ ١٥٤. د. مایـکل. جـەی. کیلـی، س. پ، ل٥٥. محمـود محمـد زایـد، م. س، ص٤٥. سـالار مەحمـود، ئەنفـال جینۆسـایدی گەلـی کـورد، چ١، چاپخانـەی کارۆ، کەرکـوك _ ٢٠١٣، ل١٠. د. ئیدریـس ئۆمەرگومبەتـی،

ئەنفالی زێی بچوك، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی _ ٢٠١٢، ل٤٠. محەمەد ئەمین رەشید، قۆناغی سێی ئەنفال، چ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك _ ٢٠١٣، ل١١. کازم ئەحمەد سەدرەدین (کازم جەباری)، لە پەراوێزی ئەنفالی سێدا گوندی کوڵەبان بە نموونە، سلێمانی _ ٢٠١٩، ل٢٤.

ئەبوبەکر محمد حاجی (مەلا شاخی)، س. پ، ل١٥. عومەر محەمەد، س. پ، ل٢٥.

میدڵ ئیست وۆچ، س. پ، ل١٥٣ _ ١٥٤.

هـ . س، ل١٥٣ _ ١٥٤. د. مایکل. جەی. کیلی، س. پ، ل٥٥. د. محمود محمد زاید، م. س، ص٤٥. سالار مەحمود، س. پ، ل١٠. ئیدریس ئۆمەرگومبەتی، س. پ، ل٤٠. محەمەد ئەمین رەشید، س. پ، ل١١. کازم ئەحمەد سەدرەدین (کازم جەباری)، س. پ، ل٢٤.

نوسراوی خولاوی وەزارەتی بەرگریی بەشی یاسایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ژمارە: (ق٢/ ٢٣٦/ ٦٣٠٠)، رێکەوت: (٢٣/ شوبات/ ١٩٨٨). وەرگیراوە لە (میدڵ ئیست وۆچ، س. پ، ل١٥٤).

گوندەکانی دۆڵی جافایەتیی بەهۆی هەبوونی بارەگاکانی (ی. ن. ك) تیایاندا، هەمیشە پشکی شێریان بەرکەوتووە لە تۆپباران و پەلاماردان. تەنانەت زۆر پێش لە دەرچوونی بڕیار لەسەر دەستپێکردنی کردەوەکانی ئەنفال، بۆنموونە بروانە (من مديرية امن حلبجة الى كافة المعاونيات, العدد: (٥٢٢٩), التأريخ: (١/ ٩/ ١٩٨٧). کە تیایدا ئاماژەکراوە بۆ تۆپبارانکردنی گوندەکانی (چوخ باخ و یاخسەمەڕ)ی دۆڵی جافایەتیی.

نوسراوی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور، بۆ (فەرماندەیی فەیلەقی یەك، فەرماندەیی فەیلەقی دوو، فەرماندەیی فەیلەقی پێنج)، بابەت: مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گوندانەی لەبەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغەکراون، ژمارە: (س ف ٤٠٠٨)، رێکەوت: (٢٠/ حوزەیران/ ١٩٨٨). وەرگیراوە لە (میدڵ ئیست وۆچ، س. پ، ل١٣٦ _ ١٣٧).

رۆژنامەی هاوکاری, ژمارە (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨)، ل٦.

رۆژنامەی هاوکاری, ژمارە (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨)، ل٧.

برقية من ضابط شعبة المفارز الخاصة الى مدير امن السليمانية, موضوع: المطالعة, رقم: (٠٠٤٩١٦), التأريخ (٢٦/ ٣/ ١٩٨٨).

سوڵتان هاشم بە فەرماندەی کردەی ئەنفالی یەك دیاریکراوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە ناوبراو شارەزاییەکی باشی لە جوگرافیای ناوچەکە هەبووە و، ئەوکاتەی پلەی مولازمی هەبووە لە کوردستان خزمەتی سەربازیی خۆی بەجێهێناوە. (رێبوار ئیبراهیم سلێمان, پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی, چ١, لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیریی کەرکوك, کەرکوك - ٢٠١٣, ل٧٠).

ئەویش بەحوکمی ئەوەی کردەکە لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ رۆژی (١٩)ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ز بەکۆتا هاتووە. رۆژنامە رۆژنامەکانی عێراق بەرەبەیانی ئەو رۆژە چاپ و بڵاوکرابوونەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە کەوتۆتە رۆژی پاشتر واتا (٢٠)ی ئازار. ئەگینا لە هۆکارەکانی تری راگەیاندنی عێراقیی وەکو رادیۆ و تەلەفیزۆنەکاندا، هەر ئەو رۆژە هەواڵەکە بەگوێی خەڵکیدا دراوە و بەیاننامەکان خوێندراونەتەوە.

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

رۆژنامەی هاوکاری لەساڵی ١٩٨٨ز هەفتانە دوو ژمارەی لێ دەرچووە، رۆژانی (دووشەممەو پێنجشەممە).

جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە: (٩٥٩)، دووشەممە (٢١/ ٣/ ١٩٨٨).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی کە بە (فەوجە سوکەڵەکان _ افواج الخفيفة یان بە فەوجی جاشەکان) ناسراو بوون و سەر بە (بەرگری نیشتمانی یەك) بوون بریتی بوون لە فەوجەکانی (٤، ٢١، ٢٢، ٢٦، ٣٥، ٤٦، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٦٦ ... تاد). بڕوانە (عومەر محەمەد، س. پ، ل٢٩ _ ٣١).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

برقية من ضابط شعبة المفارز الخاصة الى مدير امن السليمانية, موضوع: المطالعة, رقم: (٠٠٤٩١٦), التأريخ (٢٦/ ٣/ ١٩٨٨).

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

جريدة الجمهورية, عدد (٦٨٣٢), ألاربعاء (١/ حزيران/ ١٩٨٨).

جريدة الجمهورية, عدد (٦٨٥٧), ألاحد (٢٦/ حزيران/ ١٩٨٨).

جريدة الجمهورية, عدد (٦٨٧٥), ألخميس (١٤/ تموز/ ١٩٨٨).

ئاوارە حسین, جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە, چ١, چاپخانەی حەمدی, سلێمانی - ٢٠١٧, ل١٦٨.

جريدة الثورة, عدد (٦٥٠٨), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨). جريدة الجمهورية, عدد (٦٧٦١), ألاحد (٢٠/ اذار/ ١٩٨٨).

https://fb.watch/bwh٨٨QKmm٦/

ڕۆژنامەی هاوکاری, ژمارە (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨).

ئەم فەوجانە کە دەوترێت بەشێوەیەکی لاوەکیی بەشداریی کردەکەیان کردووە، لەمیانەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەکان لەگەڵیان، ڕاوێژکاری فەوجەکان خۆیان ئاماژەیانکردووە بۆ بەشداریی فەوجەکانیان لە کردەکەدا. (ڕۆژنامەی هاوکاری, ژمارە (٩٦٠), (٢٤/ ئادار/ ١٩٨٨).

فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی (جاشی خەفیفە)، بریتیبوون لە کۆمەڵێك تیپی چەکداری نارێکخراو لە ڕووی سەربازییەوە، کە بە جلوبەرگی کوردییەوە دەوامیاندەکرد و لەلایەن کەسێکەوە فەرماندەییدەکرانکە موستەشاری پێدەوترا، بەزۆری لەسەر بنەمای بنەماڵەو هۆز دروستدەکران، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بڕیار لەسەر دروستکردنیان دراوە، بەتایبەت بۆ لەخۆگرتنی ئەو کوردانەی لە ڕیزەکانی سوپای عێراقیی لە بەرەکانی جەنگی عێراق _ ئێران هەڵدەهاتن. لە ساڵی ١٩٨٧زو دوای بڕیاری پەلاماردانی گوندە کوردییەکان ژمارەی ئەم فەوجانە زۆر ڕووی لە زیادبوون کردووە، هەم لە ڕووی ژمارەی فەوجەکان و هەم لەڕووی ژمارەی ئەندامانی هەر یەك لەو فەوجانەوە، هەتا ئاستی ئەوەی ژمارەی ئەندامانی هەندێك لەو فەوجانە گەیشتووەتە نزیکەی (٥٠٠٠) چەکدار. بڕوانە (عومەر محەمەد، س. پ، ل٣٢).

برقية من ضابط شعبة المفارز الخاصة الى مدير امن السليمانية, موضوع: المطالعة, رقم: (٠٠٤٨٨٢), التأريخ (٦/ ٣/ ١٩٨٨). عومەر محەمەد، س. پ، ل٢٩ _ ٣١.

# التغطية الإخبارية ل(المرحلة الأولى من الأنفال) في الصحف والمجلات والوثائق الرسمية للحكومة العراقية:

كانت المرحلة الأولى من عملية الأنفال من أخطر مراحل عمليات الأنفال التي شنها الحكومة العراقية ضد الكورد في كردستان العراق تحديدا في منطقة السليمانية )منطقة سركلو وبركلو وزيوي و ووادي جافايه تي)، والتي عملت عليها الحكومة العراقية بعشرة اشهر تقريبا قبل موعد بدء عمليات الانفال, بالتحديد بعد أسبوعين من تعيين صدام حسين ابن عمه علي حسن المجيد رئيسا لمكتب شؤون الشمال بمجلس قيادة الثورة. نجاح وانتصار قوات المسلحة العراقية في ساحة العمليات المرحلة الأولى من الأنفال حفز الحكومة العراقية على استمرار ودوامة هجماتها على الاكراد. وفي الوقت نفسه، تركت هزيمة الاكراد في عملية الأنفال الاولى تأثيرًا سلبيًا للغاية عليهم بشكل لم يتمكنوا من جمع أنفسهم وشملهم لفترة طويلة من الزمن.

كانت الخطوط الأمامية للمرحلة الأولى من عملية الأنفال الاولى بنسبة للحكومة العراقية لاتقل أهميتها عن باقي خطوط المواجهة ضد الحكومة وقوات المسلحة الإيرانية. وخير شاهد على ذلك، كانت التغطية الإخبارية المكثقفة للصحف والجرائد الرسمية للحكومة العراقية لاخبار ومستجدات الساحة الحربية لعملية الانفال الاولى شأنها شان باقى مناطق العمليات الحربية في ساحات المختلفة من الحرب العراقية – الايرانية. وعلى هذا الأساس وتبعا لاهتمام الوسائل الاعلام العراقية, خصص هذا البحث للحديث حول (التغطية الإخبارية لعملية الأنفال (المرحلة الأولى من الأنفال) في الصحف والمجلات والوثائق الرسمية للحكومة العراقية).

هذا البحث يتكون من محورين رئيسيين وخاتمة, يتطرق المحور الاول الى تقييم عام للمرحلة الأولى من الأنفال. ويتركز المحور الثاني على )اسباب وعوامل وسير العمليات وردود الافعال الجانب العراقي في عملية الانفال الاول وانعكاساتها في الوسائل الاعلام العراقية).

## The Process of (First Stage of Anfal) in formal newspapers, and magazines and publishes by the Iraqi government.:

The First Stage of Anfal was one of the most dangerous of the other stages of Kurdish Anfal, which the Iraqi government a long time had worked on it before starting the complete procedure. Succeeded in the first stage of Anfal. motivated the Iraqi government to perform the rest of the procedure soon. At the same time, the Anfal procedure left an extremely negative impact on the Kurds that they were not able to collect themselves for a long time.

The front line of the first stage of the Anfal war was as important as the other front line of the war against Iran and it was the headlines of Iraq's formal publishes, too. So, the headlines became a witness to his brutal crime against the Kurdish people.

The research includes two sections and a conclusion. The first section is a general evaluation the first stage of Anfal inthe valley of Jafyati (Anfal of Dolly Jafayati). The second section deals with the causes and factors of first stage of Anfal and the Iraqi reactions to their success.